وەزارەتی کشتوکاڵ هاوردەکردنی 11 بەرهەم قەدەغە دەکات

ئەمڕۆ شەممە وەزارەتی کشتوکاڵ قەدەغەکردنی هاوردەکردنی 11 بەرووبوومی ڕاگەیاند، هاوکات ئەو ڕووبەرەشی خستەڕوو کە بۆ وەرزی زستان دەچێنرێت.

لەبەیاننامەیەکی وەزارەتدا هاتووە: سیاسەتی هاوردەکردن لەسەر بنەمای ساڵنامەی کشتوکاڵییە، کە بەردەوام بەپێی بەردەستبوون و کەمی بەرهەمی ناوخۆیی نوێدەکرێتەوە، دڵنیابوون لە بەردەستبوونی بەرووبووم و ڕێگریکردن لە بەرزبوونەوەی نرخەکان، ڕوونیشی کردەوە کە نوێترین نوێکردنەوەی ساڵنامەکە قەدەغەکردنی هاوردەکردنی 11 بەرهەم لەخۆدەگرێت.

ڕوونیکردەوە : کە قەدەغەکردنەکە چەوەندەر، شێڵغەم، کاهوو، کەلەرم، قەیسی، کولەکە، باینجان، پەتاتە، هەروەها هێلکەی سەر مێز، مریشك، هەنگوین و خورما لەخۆدەگرێت، ئاماژەی بەوەشکردووە، لە ئێستادا هاوردەکردنی تەماتە ڕێگەپێدراوە، بەڵام ڕەنگە دواتر بەپێی دۆخی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی بگەڕێنرێتەوە، چونکە بەردەستبوونی ئەم بەرهەمانە گۆڕاوە، و ژمارەیان بەزۆری لە نێوان 7 بۆ 11دایە، سەبارەت بە پلانی کشتوکاڵی زستانە، قەیسی ڕایگەیاندووە کە ڕووبەری دیاریکراو 4.5 ملیۆن دۆنمە، لەو ژمارەیەش 3.5 ملیۆن دۆنم پشت بە ئاوی ژێر زەوی دەبەستێت بە بەکارهێنانی سیستەمی ئاودێری مۆدێرن، یەك ملیۆن دۆنمیش پشت بە ئاوی سەرزەوی دەبەستێت.

□ئاماژەی بەوەشکردووە : پلانێکە وابەستەی بەکارهێنانی ئەم سیستەمانە بووە، بەڵام ژمارەی ئێستا بەس نییە بۆ دابینکردنی هەموو پێداویستییەکان، ئەمەش پێویستی بە ڕێگەپێدانی ئاودێری ئاسایی هەیە.

□لەبەیانەکەشدا هاتووە : کە دارستانکردنی پشتێنی بەغدا لە ئەستۆی شارەوانی بەغدایە، لە کاتێکدا بەرپرسیارەتی پشتێنی شارەکان لە پارێزگاکان لە ئەستۆی حکومەتە خۆجێیەکاندایە و ڕوونیشی کردەوە، ڕۆڵی وەزارەتی کشتوکاڵ سنووردارە بە چاودێری تەکنیکی، هاوکات بڕیار و جێبەجێکردنی لە ئەستۆی پارێزگاکاندایە، بەو پێیەی ئەوان قەوارەی بەرپرسیارن لەو پڕۆژانە.